# بۆپاڵپشتی لەخۆپیشاندان و داخوازیەکانی پەرلەمانی
# سەرشەقام گروپی هەولێر

لەکاتێکدا کەبەرەونزیك بوونەوەی هەڵبژاردنەکەی 2005/12/15دەچین بەواتای رزگاربوون لەهەمووچەقبەستوویی و تاك دەسەلاّتی و یەکترقبووڵنەکردن، هەنگاو بەرەو گۆڕان و پێشڤەچووندەنێن. لە وکاتەدا کەزۆرترین بانگهێشە بۆدیموکراسیەت و مەدەنیەت و پاراستنی مافەکەکانی مرۆڤ دەکرێت شانازی بەوزەمینەسەربەخۆیەی کوردستان وئازادی تاکەکەسی و حزبی وسیاسی وریێکخراوەیی وەك نمونە بۆ بونیادنانەوەی عیراقێکی نویٚ باسی لێوە دە کرێت. بۆیە گرۆپی هەولێری پەرلەمانی سەرشەقام وەك دیدێکی مەدەنیانەوشارستانیانە هەڵسابەخۆپیشاندانێکی هێمنانەلەبەرواری 19/11/ 2005 ڕۆژیشەمە کاتژمێر3/30خولەك لەنێو بازاری هەولێرلەبەردەم شەقامی سیروان بەرەو پارێزگای هەولێر ،ئەمەش لە پێناوی خۆشگوزەرانی خەڵك و نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری و داکۆکی کردن لە مافەکان گەنج وباشترکردنی گوزەرانی هاولاّتیان وچاکسازی و یەکسانیدا ، کەدەیان ویست لە یاداشتنامەییێك لەرێگای پارێزگاری هەولێرەوە ئاراستەی بەرێزان سەرۆکی کۆماری عیراقی فیدراڵ وسەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ،سەرۆکانی هەردووئیدارەی کوردی بکەن ،لەبری ئەوەی بەپێشوازییێکی گەرموگوڕەوە گویٚ لەداخوازیەکانیان بگرن پیاوانی ئاسایش بەشێوەییێکی نامرۆڤانە دوورلە هەموو بەهاییێکی ئینسانی ڕێگەیان بەخۆپیشاندەران گرت.وەکو تەنها هێزێك بۆ بەربلاّوەپێکردنی خۆپیشاندەران تەقەیان بەسەرداکردوون کەووتنە گیانی لاوەکان و لێدانیان کە نزیکەی (30) کەسیان لیٚ دەستگیرکران لەناویاندا نوێنەری گروپەکە رۆژنامەنووس (هیوافریادرەس ) یان دەستگیرکرد پاش ئازارو ئەشکەنجەیێکی زۆریجەستەیی دەروونی ئازادیان کردن . هاوکات ئێمە وەك گروپی شەقلاّوەی پەرلەمانی سەرشەقام پێتان رادەگەیێنین کەبەهیچ شێوەییێك گرتن و کوشتن و توندو تیژی رێگەمان پێناگرێت ،بۆیەنارەزایخۆمان بەرامبەر ئەم جۆرە کارانە دەردەبرین سووریشین لەسەر ئەم هەڵوێستەخەباتگێریە بۆگەیشتن بەئامانجەکانمان و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکیکوردستان.

Dkawaniy1@yahoo.com

گرووپی شەقلاّوەی پەرلەمانی سەرشەقام

2005/11/21